**ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) پاڵپشتیی پارێزگاریکردن لە کەلەپوری کلتوری کۆمەڵگەی پێکهاتە ئایینی و ئێتنیکیەکانی عێراق دەکات لە ڕێی پێدانی بەخشینی دارایی بە ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان (Antiquities Coalition).**

پڕۆژەیەکی دوو ساڵیە بۆ بەدیجیتاڵیکردنی تۆمارەکان و بونیادنانی توانای تیمە خۆجێییەکان بۆ پارێزگاریکردن و پاراستن و هێشتنەوەی کەلەپوری کریستیان و ئێزیدیان

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی مینحەیەکی دارایی یەک ملیۆن دۆلاری بەخشیوەتە ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان بۆ پڕۆژەیەکی نوێ لە ژێر ناونیشانی (پارێزگاریکردن لە کەلەپوری کلتوری کۆمەڵگەی پێکهاتەکان لە عێراق). ئەم پڕۆژە دوو ساڵیە بە هاوبەشی لە نێوان ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان و سێ ڕێکخراوی خۆجێیی عێراق ئەنجام دەدرێن؛ ئەوانیش سەنتەری دیجیتاڵی نووسراوە خۆرهەڵاتیەکان (CNMO) و مۆزەخانەی کەلەپوری سیریانی و ڕێکخراوی یەزدا کە نوێنەرایەتی کۆمەلگەی ئێزدی و کریستیانەکان دەکەن.

تێکدانی بەرفراوان و بەرنامە بۆ داڕێژراوی کەلەپوری کلتوری لەسەر دەستی بەناو خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئامانج لێی بریتی بوو لە لەناوبردنی هەمەڕەنگیی کلتوری و ئایینیی عێراق. بەم

پاڵپشتیە داراییەی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی(USAID) ، ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان شارەزایی خۆیان لەگەڵ ئەو سێ ڕێکخراوەی عێراق هاوبەشی پێدەکەن بۆ هاریکاریکردن بە ئاڕاستەی پارێزگاریکردن و پاراستنی شوناسی بێهاوتا و کەلەپوری کلتوریی عێراق.

جۆن کاردینز بەڕێوبەری نێردەی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) لە عێراق وتی، "عێراق لانکەی هەنێک لە دێرینترین ئەو چیرۆکانەیە کە مرۆڤایەتی پێیان ئاشنایە. کەلەپوری کلتوری و نەریت و سەرگوشتەی ئەم کۆمەڵگە هەمەڕەنگانە هاوتایان نیە و ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێت بۆ پاراستنی ئەوەی دەمێنێتەوە. پارێزگاریلێکردن و برەودان بە کەلەپوری کۆمەڵگە عێراقیە جیاوازەکان هەنگاوێکی زۆر گرنگە بە ئاڕاستەی سارێژبوونی برینەکانی کۆمەڵگا و توانای مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن".

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان لە نزیکەوە کار لەگەڵ تیمەکانی سەنتەری دیجیتاڵی نووسراوە خۆرهەلاتیەکان (CNMO) و مۆزەخانەی کەلەپوری سیریانی و ڕێکخراوی یەزدا دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن تا هەزارەها پارچە لە کۆکراوەکانیان بەدیجیتاڵی بکەن و بیانپارێزن، نموونەی ئەو پارچانەش وێنە و دەستنووس و شتی تری ئەرشیفکراو لە خۆدەگرن. هەروەها پڕۆژکە ڕاهێنان و ئامێری پێویست بۆ ئەو تیمانە دابین دەکات بۆ دانانی تاقیگەی بەدیجیتاڵیکردن و تۆمارکردنی کەلەپورە کلتوریە نابەرجەستەکان لە نموونەی چیرۆک و گۆرانی و نەریتە باوەکان. لە کۆتاییدا هەر لە ڕێی ئەم پاڵپشتیە داراییەوە، هاوبەشەکان پێشانگای ئۆنلاین و پێشانگای مەیدانی دادەمەزرێنن بۆ خستنەبەردەستی ئەم نەریت و کەلەپورە کلتوریە بەنرخانە بۆ بەردەم هەموو جیهان.

پیتەر هێدریچ هاودامەزرێنەری ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان و بەڕێوبەری پڕۆژەکە وتی،"هەریەکە لەو هاوبەشانە لە پڕۆژەکەماندا خۆی تەرخانکردووە بۆ پارێزگاریکردن لە نووسراو و وێنە و ئەرشیف و شتی دێرینی ناو مۆزەخانە و هەروەها تۆمارکردنی کەلەپوری نابەرجەستەی کۆمەڵگەی ئەم پێکهاتانە. لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵین بەوەی کە شارەزایی خۆمان پێشکەشی هاوبەشەکانمان دەکەین و سوپاسی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گەلی ئەمریکا دەکەین بۆ ئەم پاڵپشتیە داراییە."

پڕۆژەی پارێزگاریلێکردن لە کەلەپور و کلتوری کۆمەڵگەی پێکهاتەکان لە عێراق لە لایەن هاوبەشانمانەوە پەرەی پێدرا و بەشێکە لە دەست پێشخەریەکەی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی بۆ بونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشانی نوێ و ئامانج لێی سودوەرگرتنە لە توانای داهێنەرانە و زانیاریی هاوبەشانی نوێی خۆجێیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان. پڕۆژەکە لە چوارچێوەی ئەم دەستپێشخەریە و لە لایەن ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکانەوە جێبەجێدەکرێت، هاوپەیمانی بۆ هێشتنەوەی کەلەپوری کلتوری کۆمەڵگە.

بۆ زانیاری زیاتر؛ تکایە پەیوندی بکە بە:

هێلینا ئارەوس

بەڕێوبەری پڕۆژە، ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان

ئمێڵ: harose@theantiquitiescoaltion.org

## دەربارەی هاوبەشەکان

### ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکان، واشینگتۆن، دی سی. (پایتەخت)

ڕێکخراوی هاوپەیمانی کەلەپورە دێرینەکان گرێدەری کۆمەڵێک پسپۆڕی بواری هەمەڕەنگە بۆ بەرنگاربوونەوەی بازرگانیکردنی نایاسایی بە هونەر و کەلەپوری دێرینەوە. ڕێکخراوەکە سەرەڕای داکۆکیکردنی سەرسەخت بۆ دانانی یاسا و سیاسەتی کارکردنی باشتر و ژێرخانی دیجیتاڵی، لە هەمان کاتیشدا برەودەدات بە هاریکاری دیپلۆماسی و چارەسەری سەلمێندراو دەخاتە بەردەست کە لە ڕێی کارکردن لەگەڵ هاوبەشانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە بەدەستی هێناون لە سەرتاسەری جیهاندا؛ لە نموونەی ئەو هاوبەشانەش: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و حکومەتانی بیانی و هێزەکانی پۆلیس و شوێنەوارناسان و ڕابەرانی بازاڕی مۆزەخانە و هونەر. ڕێکخراوەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ٢٠١٤، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و گەشەپێدانی ناوەڕۆکی نوێ و داهێنەرانەی لە پێشینەی کارەکانی داناوە بۆ یارمەتیدانی یاسادانەران و کەرتی بازرگانی و خەڵک بە شێوەیەکی گشتیی تا باشتر لە گرنگیی پاراستنی کەلەپوری کلتوریمان تێبگەن.
ڕابەرەکانی ڕێکخراوەکە ڕابەری ناسراوی بواری فیکرن و لە میدیا گەورەکانی وەک نیو یۆرک تایمز و وۆڵ ستریت جێرنەڵ و واشینگتۆن پۆست بابەتەکانیان

بڵاوکراونەتەوە و لە بەردەم کۆنگرێسدا گەواهیان داوە و زانیاریان خستووەتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان.

سەنتەری دیجیتاڵی نووسراوە خۆرهەڵاتیەکان (CNMO) ی سەر بە دەیۆسی کاسۆلیکی موسڵ
لە ژێر ڕێبەرایەتی مەتران نەجیب میکایلدا، ئەم کۆمەڵە گەنجە ئاوارەیە کە بەهۆی ململانێکانی ئەم دواییانەوە لە زێدی باو و باپیرانیان وەدەرنراون هەستاون بە دۆزینەوە و بەدیجیتاڵیکردنی هەزارەها کۆکراوەی نووسراو لە سەرتاسەری عێراقدا.

مۆزەخانەی کەلەپوری سیریانی تەنها ناوەندە لە جیهاندا کە تەرخانکراوە بۆ پارێزگاریکردن لە کلتور و کەلەپوری پێکهاتەی ئێتنیکی-ئایینی کلد و سیریان و ئاشوریە ڕەسەنەکانی عێراق. مۆزەخانەکە ناوەندێکە بۆ خوێندن و تۆمارکردنی دیالێکتەکانی کلد و سیریانی و ئاشوری کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە و هەروەها ناوەندێکیشە بۆ خوێندن و تۆماکردنی کلتوری ئەم سەردەمەی ئەم پێکهاتانە. لە دوای ٢٠٠٣ و بە تایبەتر لە ساڵی ٢٠١٤ دوای داگیرکاریەکانی داعش لە ناوچە سەرەکەیکانی ئەم پێکهاتانە، کۆمەڵگەی کلد و سیریان و ئاشوریەکان ڕوبەڕوی لەناوبردنی کلتورەکانیان و جینۆساید بوونەوە و ئەمەش ئەرکی مۆزەخانەکەی زۆر گرنگتر کرد دوای ئەو ئاڵنگاریانەی کە بەهۆی کاولکاریەکانی داعشەوە لەسەر کلتور و کەلەپوری بەرجەستە و نابەرجەستەی ئەم پێکهاتانەوە هاتنە ئاراوە.

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی

(USAID)سەرەکیترین ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ کاری پەرەپێدان و بەخشەری سەرەکی هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیریە بۆ عێراق. ئاژانسەکە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەخشەری سەرەکی هەوڵەکانی حکومەتی ئەمریکایە لە عێراق و هاریکاری دیاریکراوی دابینکردووە بۆ پاڵپشتی کردن ئاوارەبووان بەهۆی شەڕەوە، برەودان بە بەشداری بەرفراوان لە کایەی دیموکراسی و گەشەسەندن و برەودان بە نیشاندانی زیاتری بەرپرسیارێتی و شەفافیەت لە کاری حکومڕانیدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٨ەوە زیاتر لە ٤٧٠ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ پاڵپشتی کردن لە هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی دۆخی ئاسایی و مانەوەی پێکهاتە ئێتنیکی و ئاینیەکان لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

یەزدا. ئەم ڕێکخراوە فرەنەتەوە جیهانیە ئێزدیە دوای پاشهاتەکانی جینۆسایدی ئێزدیان لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە بۆ پاڵپشتی کردن لە پێکهاتەی ئاینی-ئێتنیکی ئێزدیان و گروپی تری مەترسی لەسەر و ئامانجیەتی کە لە داهاتوودا جینۆسایدی تر دژی کۆمەڵگەی ئێزدیان و کۆمەڵگەی تری بەر هەمان مەترسی ڕونەداتەوە و هەروەها ئامانجێکی تری ئەوەیە هاریکاری کۆمەڵگەی ئێزدیان بێت بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی ژیانیان دوای ئەو جینۆسایدە.

(ئەم پڕۆژەیە بە پاڵپشتی میهرەبانیی گەلی ئەمریکا و لە ڕێی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) جێبەجێدەکرێت. ناوەڕۆکی ئەم

نووسراوە بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوی هاوپەیمانیی کەلەپورە دێرینەکانە و مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت.)